# كاریگەریی زیحافەكان لە سەرمۆسیقای تەفعیلەكانی حەشووی دێڕی شیعری كلاسیكی كوردی

**نوزاد وەقاص سعید** **زانكۆی سەلاحەدین- كۆلێژی پەروەردە**

**ئیمەیڵ:** Nawzad.saeed@su.edu.krd

**هیوا نورالدین عزیز** **زانكۆی سەلاحەدین - كۆلێژی پەروەردەی مەخموور**

**ئیمەیڵ:** Hiwa.aziz@su.edu.krd

**پێشەكی:**

زیحاف و عیللەی شیعری كلاسیكی كوردی كۆمەڵێك گۆڕانكارین دەچنە سەر تەفعیلە عەرووزییەكان و دەبنە هۆی گۆڕان لە ماوەی كات خایاندن و بەرزی و نزمی شەپۆلە دەنگییە پێكهێنەرەكانیان، زیحاف و عیللە چەند جۆرێكن بەڵام ئەوەی مەبەستە لەم لێكۆڵینەوەیەدا تەنیا زیحافەكانە، لە شیعری كلاسیكی كوردیدا بە زۆری چوار زیحافی تاك(خەبن، تەی، قەبز، كەف) و یەك زیحافی جووت(شەكل) بەكارهاتوون، ئەم لێكۆڵینەوە بە **ناونیشانی** ( كاریگەری زیحافەكان لەسەر مۆسیقای تەفعیلەكانی حەشووی دێڕی شیعری كلاسیكی كوردی) یە، لێكۆڵینەوەكە لەسەر بنەمای (١٠) جۆرخوێندنەوەی جیاواز لەلایەن (١٠) كەسی جیاوازەوە و ئامادەكرنی خوێندنەوە جیاوازەكان بە شێوەی (١٠) مەلەفی دەنگی كە لە لیستی سەرچاوەكان ئاماژەیان پێكراوە و پێوانە كردنیان بە بەرنامەی (Prat ) كە بەرنامەیەكی كۆمپیوتەرییە بۆ پێوانەكردنی دەنگ و وێنەی شەپۆلە دەنگییەكان و چڕی و بەرزی و نزمی شەپۆلە دەنگەكان . **پلانی لێكۆڵینەوەكە** بەم شێوەیە، لێكۆڵینەوەكە لە دووبەش پێكدێت ، لە بەشی یەكەمدا باس لە پوختەیەكی كورتی زانستی عەرووز كراوە ، ژمارەی تەفعیلەكان و بنەڕەتەكانیان و وێنەی شەپۆلە دەنگییەكانی تەفعیلە عەرووزییەكان و بنەڕەتە عەرووزییەكان و چۆنییەتی كاركردنی زیحافەكان لەسەر پێكهاتەی تەفعیلەكان كراوە، لە بەشی دووەمدا بە شێوەیەكی ورد باس لە كاریگەری زیحافەكان لەسەرمۆسیقای تەفعیلەكان كراوە لە حەشووی دێڕی شیعری كلاسیكی كوردیدا، **سنووری لێكۆڵینەوەكە** ئەوتەفعیلە عەرووزییانەیە كە دەكەوێتە حەشووی دێڕی شیعری



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

کلاسیکی کوردی ، جگە لە مانەش لەبەر ئەوەی (مفاعلتن) لە عەرووزی کوردیدا بە کارنەهاتووە و (متفاعلن) یش لە کێشی (کامیل) دا لە کێشە کەم بەکارهاتووەکانن بۆیە پشتگوێ خراون.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە** وەسفی شیکارییە. ئەم لێکۆڵینەوەیەش وەک هەرلێکۆڵینەوەیەکی دیکەی ئەدەبی بێ گرفت نەبووە، **گرفتی ئەم لێکۆڵینەوەیە** نەبوونی هیچ سەرچاوەیەک بوو لە ئەدەبی کوردیدا کە باس لە پێوانەکردنی تەفعیلە عەرووزییەکان و ماوەی کات خایاندنیان بکات، **ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە** دەرخستنی کاریگەری زیحافەکانە لەسەر مۆسیقای تەفعیلەکانی حەشووی دێڕی شیعری کلاسیکی کوردیدا، **ئەنجامی لێکۆڵینەوەیەش** لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێک خراوەتە ڕوو.

**کلیلە ووشەکان: زیحاف و** عیللە، کلاسیکی کوردی، عەرووزییەکان.

## بەشی یەکەم:

### پوختەیەک دەربارەی زانستی عەرووز

**(تەفعیلە )عەرووزییەکان** : سەبارەت بە ژمارەی تەفعیلە عەرووزییەکان زۆربەی سەرچاوە عەرەبییەکان بە هەشت تەفعیلەی دادەنێن. تەفعیلە عەرووزییەکان ئەمانەن ( فَعولُنْ ، فاْعِلُنْ ، مَفاْعيْلُنْ ، فاْعِلاْتُنْ ، مُسْتَفْعِلُنْ ، مَفاْعَلَتُنْ ، مُتَفاْعِلُنْ ، مَفْعوْلاْتُ ) [التبريزی ٢٠٠٤: ١٥] , هەندێکیش ژمارەی تەفعیلەکان بە دە تەفعیلە دادەنێن (فعولن ، فاعلن ، مفاعیلن ، فاعلاتن ، مستفعلن ، فاع لاتن ، مستفع لن ، مفعولات ، مفاعلتن ، متفاعلن ) [ذياب شاهين 2004: 20 ] . جیاوازییەکەش لە وەدایە کە ئەوانەی ژمارەی تەفعیلەکان بە هەشت دادەنێن هەردوو تەفعیلەی ( فاع لاتن ، مستفع لن ) لەگەڵ ( فاعلاتن، مستفعلن ) بەیەک شت دادەنێن ، بەڵام ئەوانەی بە دە تەفعیلەی دادەنێن لایان وایە ( فاع لاتن، مستفع لن ) دوو تەفعیلەی سەربەخۆن. بە بڕوای ئێمەش ژمارەی تەفعیلە عەرووزییەکان دە تەفعیلەیە چونکە هەردوو تەفعیلەی (مستفعلن، فاعلاتن ) جیاوازن لە ( مستفع لن، فاع لاتن ) چونکە لە ڕیزبوونی بنەڕەتەکاندا جیاوزن و لە بازنەکانیشدا جیاوازن تەنیا لە ڕیزبوونی بڕگەدا وەکویەکن .

**بنەڕەت و ژمارەی بڕگەی تەفعیلەکان** :

ژمارەی بڕگە و بنەڕەتە عەرووزییەکانی سەرجەم تەفعیلە عەرووزییەکانی لەم لێکۆڵینەوەدا کاریان لەسەرکراوە بەم شێوەیە[ گەردی :١٩٩٩: ١١] .

مَفاْعيْلُنْ : پێکدێت لە وەتەدی کۆ ( مَفاْ ) + سەبەبی سووک (عيْ ) + سەبەبی سووک (لُنْ)

حەوت دەنگە و چوار بڕگەیە بەم شێوەیە ( U– – – ) .



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

فاْعِلاْتُنْ : پێكدێت لە سەبەبی سووك (فاْ) + وەتەدی كۆ (عِلاْ) + سەبی سووك (تُنْ) حەوت دەنگە و چوار بڕگەیە بەم شێوەیە ( – U – – ) .

فاْعِ لاْتُنْ : پێكدێت لە وەتەدی بڵاو (فاْعِ ) + سەبەبی سووك (لاْ) + سەبەبی سووك (تُنْ) حەوت دەنگە و چوار بڕگەیە بەم شێوەیە ( – U – – ) .

مُسْتَفْعِلُنْ : پێكدێت لە سەبەبی سووك (مُسْ)+ سەبەبی سووك(تَفْ) + وەتەدی كۆ(عِلُنْ )


حەوت دەنگە و چوار بڕگەیە بەم شێوەیە ( – – U– ) .

مُسْتَفْعِ لُنْ : پێكدێت لە سەبەبی سووك(مُسْ)+وەتەدی بڵاو(تَفْعِ ) +(سەبەبی سووك(لُنْ)

حەوت دەنگە و چواربڕگەیە بەم شێوەیە (– – U– ) .


وێنەی شەپۆڵی دەنگیی سەرجەم بنەڕەتەعەرووزییەكانی (تەفعیلەكان) بە تەواوی و بە موزاحیفەكانەوەش بەم شێوەیە:

**وێنەی شەپۆڵی دەنگیی سەبەبە سووكەكان:**







DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019





وەتەدە کۆیەکان:




وەتەدە بڵاوەکان:




**وێنەی شەپۆڵە دەنگییەکانی تەفعیلە عەرووزییەکان:**




دوای پێوانەکردنی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەکان بە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری (Prat ) بۆ پێوانەکردنی ماوەی کات خایاندنی دەنگ و بەرزی و نزمی و چڕیی شەپۆڵە دەنگییەکان و لە بەراوردکردنی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەکان لە سەرجەم فایلە دەنگییەکاندا، ماوەی کات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەکان بەم شێوەیە:

فاعن= 0.67 ، فعولن= 0.70 ، مفاعیلن= 0.91 ، مستفعلن= 0.91 ، مستفع لن1.24 ، فاعلاتن= 0.93 ، فاع لاتن= 1.09 ، مفعولاتُ = 0.98

**زیحاف و عیللە** : زیحاف و عیللە دووجۆر گۆڕانی عەرووزین و دەچنە سەر تەفعیلە عەرووزییەکان و شێوەکانیان دەگۆڕن, ئینجا گۆڕانەکان لە سەبەبدا بێت یان لە وەتەد دا .

زیحاف: گۆڕانێکی عەرووزییە (تایبەتە بە پیتی دووەمی وەستاو لە سەبەبدا ، دەچێتە سەر هەموو تەفعیلەکانی دێڕی شیعر، گۆڕانێکی ئیلزامی نییە )[الهاشمی: 2004: 17] ، تەفعیلەکان بە هۆی زیحافەکانەوە لاواز دەبن چونکە زیحافەکان دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی دەنگ .

زیحاف دوو جۆرن :


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

زیحافەتاکەکان : ژمارەی زیحافە تاکەکان لە زانستی عەرووزدا هەشت زیحافە، بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە شیعری کلاسیکی کوردی چوار زیحافی تاک هەیە کە زۆر باون و بەکاردێت ئەوانیش (خەبن، تەی، قەبز، کەف)، هەرچی (ئیزمار، وەقص، عەسب، عەقل)ن، زۆر بە دەگمەن نەبێت بەکارنەهاتوون، هەربۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیەش چوار زیحافەکەی دوایی پشتگوێ دەخات . هەرچی تەفعیلەی (مفاعلتن، متفاعلن) لە کێشی وافیر و کامیلدا(( لە کوردیدا جگە لە چەند نموونەیەکی کەمی کێشی کامیل کە (متفاعلن)ە ،کامیل و وافیر لە کوردیدا بەرچاو ناکەون )) [گەردی ، ١٩٩٩: ٢٩٧] ، بۆیە هەردووتەفعیلەکە لە بەرنامەی کاری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا نین.

زیحافەتاکەکان: زیحافە تاکەکان بەم شێوەی خوارەوە کاردەکەن[مولوود:2010 : ٢٦]

خەبن : فڕێدانی پیتی دووەمی وەستاوە لە سەبەبدا

فاْعِلاْ تُنْ فَعِلاْ تُنْ ←

تەی : فڕێدانی پیتی چوارەمی وەستاوە لە سەبەبدا

مُسْتَفْعِلُنْ مُسْتَعِلُنْ (مُفْتَعِلُنْ)←

قەبز :فڕێدانی پیتی پێنجەمی وەستاوە لە سەبەبدا

مَفاْعيْلُنْ مَفاْعِلُنْ ←

کەف : فڕێدانی پیتی حەوتەمی وەستاوە لە سەبەبدا

مَفاْعيْلُنْ مَفاْعيْلُ ←

زیحافە جووتەکان : زیحافە جووتەکان لە زانستی عەرووزدا ژمارەیان چوارە ( خەبل، خزل، شەکل، نەقس) ە، بەڵام لە شیعری کلاسیکی کوردیدا تەنیا شەکل بەکارهاتووە .

شەکل: بریتییە لە (خەبن+کەف) لە (فاْعِلاْ تُنْ )دا ،(فاْعِلاْ تُنْ) بە خەبن دەبێتە (فَعِلاْتُنْ) و(فَعِلاْتُنْ ) بە کەف دەبێتە (فَعِلاْتُ) ،پێیەکەش پێی دەگوترێت مەشکول [گەردی، ٢٠١٦: ١١٨] .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## بەشی دووەم : كاریگەری زیحافەكان لەسەر ڕیتم ومۆسیقای تەفعیلەكان :


### یەكەم: كاریگەری زیحافەتاكەكان:


لێرەدا مەبەست كەم بوونەوەی ماوەی كات خایاندنی تەفعیلە عەرووزییەكانە بە هۆی چوونە سەری زیحافەكانەوە، كە كاریگەری ڕاستە و خۆی لەسەر مۆسیقای تەفعیلە عەرووزییەكان و پاشانیش دێڕە شیعرەكان هەیە، كاریگەرییەكەش جیاوازی هەیە لە زیحافێكەوە بۆ زیحافێكی دیكە چونكە (( هەندێكیان ئاوازەكە سووكترو خۆشتر دەكەن و هەندێكی تریش ئاوازەكە قورستر دەكەن))[ گەردی،١٩٩٩: ١٢٤] ،لەلایەكی دیكەوە جۆر و سیفەتی ئەودەنگانەی تەفعیلەكانی لێ دروست دەبێت كاریگەری ڕاستە وخۆیان لەسەر مۆسیقای تەفعیلە عەرووزییەكان هەیە .

### زیحافی خەبن:

فاعلاتن(0.93) : ئەم تەفعیلەیە لە حەوت دەنگ پێكهاتووە ( ف، أ، ع، ل، أ، ت، ن ) ئەم دەنگانەش هەریەكە و سیفەتی تایبەتی خۆی هەیە، بوونی دوو بزوێنی درێژی( أ ) لە تەفعیلەكەدا لەگەڵ جۆری بڕگەی یەكەمی كە بڕگەیەكی درێژی ستوونییە واتە ڕوو لە هەڵسانە بڕگەی دووەمیشی بەرەو ژێرە و بڕگەی سێیەمی ڕوو لە هەڵسانە و بڕگەی چوارەمی ئاسۆییە وای كردووە كە مۆسیقای (فاعلاتن) لە هەموو تەفعیلەكانی دیكە بە هێزتربێت. ( فاعلاتن )

ڕیزبوونی بنەڕەتەكانی بەر لەوەی (خەبن)ی بچێتە سەربەم شێوەیە(سەبەبی سووك ، وەتەدی كۆ، سەبەبی سووك).ئەم تەفعیلەیە كاتێك زیحافی (خەبن) وەردەگرێت ڕێژەی لە(18%)ی كاتەكەی كەم دەبێتەوە، بڕگەی یەكەمی كورت دەبێتەوە بەم شێوەیە ( )بەمەش دووبڕگەی سەرەتای ڕوو لە خوارەوە دەبێت چونكە هەموو بڕگەیەكی كورت ئاڕاستەی بەرەو خوارەوەیە، ڕیزبوونی بنەڕەتەكانیشی بەم شێوەیە دەگۆڕێت(فاصیلەی بچووك، سەبەبی سووك) بەمەش مۆسیقاكەی خێراترو سووكتردەبێت چونكە ماوەی كات خایاندنەكەی كورت دەبێتەوە، ئەگەر( فاعلاتن) بەبێ زیحاف بەكاربێت ماوەی كات خایاندنی(أ) لە (فا) دا درێژتر دەبێت لە(أ) لە(لا)دا ، بەڵام كاتێك زیحافی (خەبن) وەردەگرێت ماوەی كات خایاندنی (لا) درێژ دەبێتەوە هەروەك ئەم وێنەی خوارەوە.









DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019


ئەگەر سەیری وێنەکان بکەین (لا) لە(فاعلاتن) دا کورتترە لە(لا) لە(فعلاتن) دا، لە ڕووی کاتەوە (لا) لە فاعلاتن (0.14) یە و لە فعلاتن (0.19) یە، جگە لە جیاوازی لە وێنەی شەپۆڵە دەنگییەکانیش. جگە لە درێژی (لا)، کاتی وەستانەکان لە مەخبوون (فعلاتن) دا زیاترە وەک لە(فاعلاتن)دا .

بزوێنە درێژەکان ڕۆلیان هەیە لە بە هێزکردنی مۆسیقای تەفعیلەکاندا چونکە ماوەی کات خایاندنیان لە دەنگەکانی دیکەی زمان درێژترە بەمەش دەنگ دانەوەیان لە گوێدا زیاتر دەبێت و مۆسیقای تەفعیلەکە بە هێزدەکەن، بزوێنەدرێژەکان کاریگەرییان لەسەردەنگەکانی دوای خۆیان هەیە بەوەی کە دەنگدانەوەیان زیاترە و دەنگدانەوەی دەنگەکانی دوای خۆیان کز و لاواز دەکەن.




زیحافی خەبن جیاوازی لە نێوان وەستانەکاندا دروست کردووە بە شێوەیەک وەستانی یەکەم لە(فعلاتن)دا ماوەکەی درێژترە لە وەستانی یەکەم لە(فاعلاتن)دا، وەستانی سێیەم لە(فعلاتن) ماوەکەی درێژترە لە هەمان وەستان لە(فاعلاتن)دا، ئەم جیاوازییانەش دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕیتمی تەفعیلە عەرووزییەکە. جگە لەم گۆڕانکارییانەی باسکران گۆڕانە عەرووزییەکان کار لە چڕیی دەنگی تەفعیلەکان و مەودای لەرینەوەیان لە هەوادا دەکەن بە جۆرێک بەرزی و نزمی شەپۆڵەدەنگییەکان گۆڕانیان بەسەردادێت بەم شێوەی خوارەوە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019




وەک لە وێنەکەدا دیارە بەرزترین شەپۆلی (فاعلاتن)بەرەو سەر بریتیە لە(87.08db) ، نزمترین شەپۆلی بەرەو خواربریتییە لە(60.26db)، بەڵام لە(فعلاتن) دا بەرزترین شەپۆڵ بەرەو سەر بریتییە لە(86.17db)، نزمترین شەپۆڵ بەرەو خوار بریتییە لە (62.39db)، جیاوازی نێوان بەرزترین و نزمترین شەپۆڵ لە هەردوو تەفعیلەکە بەم شێوەیە:

(بەرزترین) 0.91 db = 86.17 db – 87.08 db


(نزمترین)2.13 db = 60.26db – 62.39 db

کەواتە کاریگەری (خەبن) لەسەر بەرزی و نزمی شەپۆڵە دەنگییەکان بریتیە لە( 3.04 db )


مستفعلن(0.91) : ئەم تەفعیلەیە لە چوار برگە پێکهاتووە ، دووبرگەی یەکەمی دێژە و ئاسۆییە، برگەی سێیەمی کورتە و ڕوو لە خوارەوەیە برگەی چوارەمیش برگەیەکی درێژی ئاسۆییە( )
،تەفعیلەکە بەبێ زیحافی خەبن ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی بەم شێوەیە( سەبەبی سووک ، سەبەبی سووک ،وەتەدی کۆ)

بەڵام دوای گۆڕانەکە بە ڕێژەی لە(18%)ی کاتەکەی کەم دەبێتەوە، ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی دەگۆڕێت بۆ (وەتەدی کۆ، وەتەدی کۆ)، بەم گۆڕانەش تەفعیلەکە لە دەربڕیندا سووک دەبێت و بەمەش مۆسیقاکەی خێراتردەبێت. ماوەی وەستانەکان و مەودای نێوانیان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر مۆسیقای تەفعیلە کە دروست دەکات ، وەستانی دووەم لە(مستفعلن) دا ماوەکەی زیاترە لە وەستانی دووەم لە(مفاعلن) دا بە پێچەوانەوە وەستانی یەکەم لە(مفاعلن) دا ماوەکەی زیاترە وەک لە(مستفعلن) دا .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019




کاریگەری گۆڕانەکە لەسەر بەرزی و نزمی شەپۆڵەدەنگییەکان بەم شێوەیە:




بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (مستفعلن)بریتییە لە(78.24 db)، نزمترین شەپۆڵیش بریتییەلە (61.37db) بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (مفاعلن) بریتییە لە(82.31db)،نزمترین شەپۆڵیش بریتییە لە (59.01db)، جیاوازییەکە بەم شێوەیە:

(بەرزترین) 4.07db =78. 24db – 82.31db

(نزمترین) 2.36db =59.01db -61.37db

کەواتە کاریگەری زیحافەکە لەسەر شەپۆڵە دەنگییەکان بریتییە لە(6.43db).


مستفع لن(1. 24): ئەم تەفعیلەیە لە حەوت دەنگ پێکدێت(م ، س، ت، ف، ع، ل، ن)


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019


ڕیزبوونی برگەکانی هەمان شێوەی (مستفعلن) ە، بەڵام ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی جیاوازە بەر لە وەرگرتنی زیحافی( خەبن)ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی بەم شێوەیە (سەبەبی سووک، وەتەدی بڵاو، سەبەبی سووک ، لە(40%)ی کاتەکەی کەم دەبێتەوە،

ڕیزبوونی برگەکانیشی دەگۆڕێت بۆ برگەی(کورت، درێژ، کورت، درێژ ( ←↓↑↓

جگە لەمە جیاوازی لەنێوان کاتی وەستان لە ناوەڕاستی تەفعیلەکاندا هەیە، ئەمەش کاریگەر لەسەر ماوەی کات خایاندنی تەفعیلەکان دەبێت کە دەبێتە هۆی گرژی و خاوی لەڕیتمدا.




کاریگەری زیحافەکە لەسەر بەرزی و نزمی شەپۆڵەدەنگییەکانی هەردووتەفعیلەکە بەم شێوەیە:




بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (مستفع لن) بریتییە لە(79.00db)، نزمترین شەپۆڵیش بریتییە لە(71.49db)، بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (مفاع لن) بریتییە لە (90.51db)، نزمترین شەپۆڵیش بریتییە لە(78.03db)، جیاوازی نێوان شەپۆڵەکان بەم شێوەیە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

(بەرزترین)11.51db = 79.00 db – 90.51db


(نزمترین) 6.54db = 71.49db – 78.03db

کەواتە کاریگەری گۆڕانەکە لەسەر بەرزی و نزمی شەپۆلە دەنگییەکان بریتییە لە (18.05db).

### زیحافی تەی:


مستفعلن(0.91) : لە پێشدا لە زیحافی (خەبن) دا ئاماژە بۆ ڕیزبوونی بڕگەکان و بنەڕەتەکانی کراوە لێرەدا تەنیا جیاوازییەکەی نیشان دەدەین دوای وەرگرتنی زیحافەکە.

مستفعلن بە زیحافی (تەی) دەگۆڕدرێت بۆ (مفتعلن ) و لە(13%)ی کاتەکەی کەم دەبێتەوە، بڕگەکانی دەبێتە (درێژ، کورت ، کورت ، درێژ) ئاراستەی بڕگەکانی بەم شێوەیە دەبێت (             )، جیاوازی ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی دوای وەرگرتنی زیحافەکە بەم شێوەیە دەبێت(سەبەبی سووک، سەبەبی قورس، سەبەبی سووک) جیاوازییەکە لەبنەڕەتی ناوەڕاست دەردەکەوێت لە(مستفعلن)سەبەبی سووکە و لە (مفتعلن ) دەگۆڕێت بۆ سەبەبی قورس، ئەم گۆڕانی ڕیزبوونەش کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر مۆسیقای تەفعیلەکە دەبێت، جگە لەمەش ماوەی وەستانەکان ومەودای نێوانیان لەنێوان هەردووتەفعیلەی(مستفعلن) ، (مفتعلن) دا جیاوازە وەستانی دووەم لە(مستفعلن) ماوەکەی زۆر زیاترە لە وەستانی دووەم لە(مفتعلن) دا، ئەم جیاوازییە زۆرە جیاوازی ڕیتم لەنێوانیان دروست دەکات .




دوای وەرگرتنی گۆڕانەکە بەرزی و نزمی شەپۆلە دەنگییەکانی هەردوو تەفعیلەکە گۆڕانیان بەسەردا دێت بەم شێوەیە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019




بەرزترین شەپۆڵە دەنگییەکانی (مستفعلن) بریتییە لە(78.24db)، نزمترین شەپۆڵیش بریتییە لە(61.37)، بەرزترین شەپۆڵە دەنگییەکانی (مفتعلن) بریتییە لە(73.85db)، نزمترین شەپۆڵیش بریتییە لە(62.97db)، جیاوازییەکەش بەم شێوەیە:

(بەرزترین) 4.39db = 73.85db – 78.24db


(نزمترین) 0.06 db = 61.37db – 62.97db


کەواتە کاریگەری زیحافەکە لەسەربەرزی و نزمی شەپۆڵە دەنگییەکان بریتییە لە (4.45db).

## زیحافی قەبز:

تەفعیلەی مفاعیلن(0.91) برگەی یەکەمی کورتە و سێ برگەی دوایی درێژە، ئاڕاستە برگەکانی بەم شێوەیە ( ) ڕیزبوونی بنەڕەتەکانی بەم شێوەیە( وەتەدی کۆ سەبەبی سووک، سەبەبی سووک) ، کاتێک زیحافی قەبز وەردەگرێت ڕێژەی لە(15%)ی کەم دەبێتەوە، برگەی سێیەمی لە برگەیەکی درێژ دەگۆڕێت بۆ برگەیەکی کورت واتە ماوەی کات خایاندنی برگەی سێیەم بۆ نیوە کەم دەبێتەوە.


جیاوازی دەنگی /ی/ لە برگەی سێیەمی هەردوو تەفعیلەکە بەم شێوەیە :










DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019




جیاوازی (مفاعیلن) لە وەستانەکاندا زیاترە لەگەڵ مەقبوزەکەی، بۆیە (مفاعیلن) بە مەقبووزی ڕیتمی خێراترە چونکە وەستانی کەمترە .




گۆڕانی شەپۆڵە دەنگییەکانی (مفاعیلن) لە دوای وەرگرتنی زیحافی(قەبز) بەم شێوەیە:




بەرزترین شەپۆلی دەنگی (مفاعیلن) بەر لە وەرگرتنی زیحافەکە بریتییە لە(77.69db)، نزمترینیش بریتییە لە(66.34db)، دواى



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019


وەرگرتنی زیحافەکە بەرزترین شەپۆلی دەنگی دەبێتە(82.31db)، نزمترین شەپۆلیش دەبێتە(59.01db) ، جیاوازی نێوانیان بریتییەلە:

(بەرزترین) ( 4.62db) = 77.69db – 82.31db

(نزمترین) ( 7.33db) = 59.01db – 66.34db کەواتە کاریگەری زیحافی(قەبز)لەسەر شەپۆلە دەنگییەکان بریتییە لە(11.95db)

### زیحافی کەف:


مفاعیلن(0. 91) : زیحافی (کەف) بە ڕێژەی لە(8%) کاتەکەی کەم دەکاتەوە، لە پێشدا لە زیحافی (قەبز) دا ئاماژە بۆ بنەڕەت و جۆری برگە و ئاراستەی برگەکانی کراوە ، لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆجیاوازی وەستانەکان لە(مفاعیلن ) ، (مفاعیلُ) دەکەین بەم شێوەیە:




وەستانی یەکەم لە هەردووکیاندا وەکویەکە بەڵام وەستانی دووەم لەمەکفووفدا دووهێندەی وەستانی تەفعیلەکەیە بە سالمی، وەستانی سێیەمیش جیاوازی هەیە بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر. ئەم جیاوازییە لە دەربڕیندا کە بەهۆی وەستانەکانەوە دروست دەبێت گۆڕان لەڕیتمی تەفعیلەکە دروست دەکات .

گۆڕانی شەپۆلە دەنگییەکانی (مفاعیلن) لە دوای وەرگرتنی زیحافی (کەف) بەم شێوەیە:


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019





بەرزترین شەپۆلی دەنگی (مفاعیلن) بەر لە وەرگرتنی زیحافەکە بریتییە لە(77.69db)، نزمترینیش بریتییە لە(66.34db)، دوای وەرگرتنی زیحافەکە بەرزترین شەپۆلی دەنگی دەبێتە(78.05db)، نزمترین شەپۆڵیش دەبێتە(66.44db) ، جیاوازی نێوانیان بریتییەلە:

(بەرزترین) (0.36 db) = 77.69db – 78.05db

(نزمترین) ( 0.10db) = 66.34db – 66.44db

کەواتە کۆی گشتی جیاوازییەکە بریتییە لە(0.46db) لەمەوەش دەردەکەوێت کە زیحافی (کەف) لە ڕووی ئاوازە و بەرزی و نزمی شەپۆلە دەنگییەکان کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر تەفعیلەکە دروست نەکردووە.


فاع لاتن(1.09): زیحافی (کەف) ڕێژەی لە (15%) ی کاتەکەی کەم دەکاتەوە، ئەم تەفعیلە لە ڕووی ژمارەی دەنگ و ڕیزبوونی برگەکان و ئاراستەی برگەکان هەمان شێوەی (فاعلاتن) ە، وەک لە زیحافی( خەبن) دا ئاماژەی بۆکراوە، جیاوازییەکەیان لە ڕیزبوونی بنەڕەتەکاندایە ، هەرتەفعیلەیەکی عەرووزی بە هەرگۆڕانێک زیحاف بێت یان عیللە کاتێک دەنگێکی کەم دەبێتەوە کاریگەری لەسەردەنگەکانی دیکە دروست دەکات، کاریگەرییەکەش بەشێوەک دەبێت کە دەنگێکی پێشەخۆی یان دوای خۆی بە درێژتر دەردەبڕدرێت. کاتێک (فاع لاتن) مەکفووف دەکرێت ماوەی وەستانەکان و مەودای نێوانیان گۆڕانی بەسەر دادێت، بەم شێوەیە:







DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

وەستانی سێیەم لە مەکفووفدا ماوەکەی زیاترە، جیاوازیش هەیە لەنێوان هەردوو(لا) دا




کاریگەری زیحافەکە لەسەر ئاوازە و بەرزی و نزمی شەپۆڵەکان تەفعیلەکە بەم شێوەیە:




بەرزترین شەپۆڵی دەنگی (فاع لاتن) بەر لە وەرگرتنی زیحافەکە بریتییە لە(86.64db)، نزمترینیش بریتییە لە(53.47db)، دوای وەرگرتنی زیحافەکە بەرزترین شەپۆلی دەنگی دەبێتە(89.32db)، نزمترین شەپۆڵیش دەبێتە(56.03db) ، جیاوازی نێوانیان بریتییەلە:

89.32db – 86.64db = (2.68 db) (بەرزترین)


56.03db – 53.47db = (2.56db ) (نزمترین)

کۆی گشتی جیاوازییەکە بریتییەلە(5.24db)


زیحافی جووتی شەکل: فعلاتُ ( 0. 72 ) ئەم تەفعیلەیە پێنج دەنگە و چواربڕگەیە ، بڕگەی یەکەم و دووەم و چوارەمی کورتەو بڕگەی سێیەمی درێژە، ئاڕاستەیبڕگەکانی بەم شێوەیە( ) ، زیحافی (شەکل) ڕێژەی لە(20%) ی کاتەکەی کەم دەکاتەوە، هەرگۆڕانێکی عەرووزی ئەگەر لەیەک دەنگ زیاتر لابدات ئەوا مۆسقای تەفعیلەکە لەگوێدا قورس و ناخۆش دەبێت بەتایبەتیش (شەکل) چونکە سێ بڕگەی جوڵەدار لەیەک تەفعیلەدا لە گۆکردن و لەبیستنیشدا قورسە .

(فاعلاتن )کاتێک مەشکول دەکرێت دوو بڕگەی درێژی کورت دەبێتەوە، لە ڕووی کاتەوە وەک ئەوە وایە بڕگەیەکی کەمکرابێتەوە چونکە بڕگە درێژەکان بۆ نیوەی کاتەکەی خۆیان کەم دەبنەوە، جگە لە کاتەکە ماوەی وەستانە عەرووزییەکانیشی گۆڕانی بەسەردا دێت.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019




وەستانی یەکەم لە(فاعلاتن) دووهێندەی وەستانی یەکەمە لە( فعلاتُ ) دا .کەواتە لە زیحافەکاندا و لە کەمکردنەوەی ماوەی کات خایاندنا (خەبن) لە پلەی یەکەم و (شەکل) پلەی دووەم و (قەبز) پلەی سێیەم و (کەف) پلەی چوارەم و (تەی)لە پلەی پێنچەم دادێن، کاریگەری (شەکل) لەسەر ئاوازەی تەفعیلەکە بەم شێوەیە:




بەرزترین شەپۆلی دەنگی (فاعلاتن) بەر لە وەرگرتنی زیحافەکە بریتییە لە(87.08db)، نزمترینیش بریتییە لە(60.26db)، دوای وەرگرتنی زیحافەکە بەرزترین شەپۆلی دەنگی دەبێتە(84.97db)، نزمترین شەپۆلیش دەبێتە(60.93db) ، جیاوازی نێوانیان بریتییەلە:

(بەرزترین) (2.11 db) = 84.97db – 87.08db

(نزمترین) ( 0.67db) = 60.26db – 60.93db

کۆی گشتی جیاوازییەکە بریتییە لە(2.78db)



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## ئەنجام:

* لەم لێکۆڵینەوەیەدا توانرا بە شێوەیەکی زانستی و بە بەرنامەی (PRAT) وێنەی بنەڕەتەکان و تەفعیلە عەرووزییەکان بگرین کە لە ئەدەبیاتی کوردیدا شتێکی تازەیە و پێشتر نەکراوە.

* لەم لێکۆڵینەوەیەدا توانراوە ماوەی کات خایاندنی سەرجەم ئەوتەفعیلە عەرووزییانە دیاربکرێت کە لە لێکۆلینەوەکەدا بەکارهاتوون بەم شێوەیە:

فاعلاتن= 0.93 ، مستفعلن= 0.91 ، مستفع لن= 1.24 ، مفاعیلن=0.91 ،

فاع لاتن= 1.09

* زیحافەکان دەبنە هۆی گۆڕان لە ماوەی کات خایاندنی تەفعیلەکان و دەنگە پێکهێنەرەکانی تەفعیلەکان.

* کاریگەری زیحافەکان لەسەر کەمبوونی ماوەی کات خایاندنی تەفعیلەکان بەم شێوەیە: خەبن[ (فاعلاتن 18 % ) (مستفعلن 18% ) ( مستفع لن 40% )] ماوەکەیان کەم دەبێت.

تەی ( مستفعلن 13% ) ماوەکەی کەم دەبێت

قەبز :( مفاعیلن15 % ) ماوەکەی کەم دەبێت

کەف: (مفاعیلن8 % ) ، (فاع لاتن 15% ) ماوەکەیان کەم دەبێت

شەکل: (فاعلاتن 20% ) مااوەکەی کەم دەبێت

* بەهۆی زیحافەکانەوە (db )واتە بەرزی و نزمی شەپۆلی دەنگی سەرجەم تەفعیلەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.

* سەرجەم زیحافەکان دەبنە هۆی کەمبوونەوەی ماوەی کات خایاندنی دێڕی شیعر بەمەش ڕیتم و مۆسیقای دێڕی شیعر خێرا دەکەن .


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## لیستی سەرچاوەکان:

کتێب : بە زمانی کوردی:

* مولود(عبدالله حدر) ، ٢٠١٠ ز، عەرووز یاکێشناسی، هەولێر، چاپخانەی پاک.

* گەردی (عزیزعبدالله) ،١٩٩٩ ز، کێشی شیعری کلاسیکی کوردی ، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری.

*گەردی(عزیزعبدالله)، ٢٠١٦ ز، فەرهەنگی کێشناسی، هەولێر، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین.

کتێب: بە زمانی عەرەبی:

* التبریزی(خطیب) ،2004 م، الكافي في العروض والقوافى، شرح وتعليق د. محمد احمد قاسم ، بیروت، مكتبة العصرية.

* شاهين(ذياب) ،2004، العروض العربي في ضوء الرمز والنضام، الاردن، الطبعة الاولى.

## چاوپێکەوتنەکان و تۆمارە دەنگییەکان:

* موسی (م. ئالاء حسن) :فایلی دەیەم :ڕێکەوتی تۆمارکردن ٢٨ – ٩ – ٢٠١٧ : شوێن کتێبخانەی تایبەتی ماڵەوە : کات ( ٨ : ٠٠ ) شەو.

* باڵەکی(د.یادکار رەسول) :فایلی سێیەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن ١٨– ٥ – ٢٠١٧ : شوێن سەرۆکایەتی زانکۆی سۆران: کات (١١ :٠٠) بەیانی.

* حسن(م. محمد أحمد ) :فایلی حەوتەم:ڕێکەوتی تۆمارکردن٢٧– ٩– ٢٠١٧ : شوێن کتێبخانەی ناوبراو: کات (٤ :٠٠ )دوای نیوەڕۆ.

* سعید(د.نەوزاد وەقاص) :فایلی یەکەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن ١٠ – ٥ – ٢٠١٧ : شوێن کۆلێژی پەرەوەردە: زانکۆی سەلاحەدین : کات ( ٩: ١٠) بەیانی.

* شوکر(م. مقداد محمد):فایلی چوارەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن٩ –٩–٢٠١٧ : شوێن کۆلێژی پەروەردە ی سەلاحەدین : کات (12:00 ) نیوەڕۆ.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

* عزیز(هاوکار نورالدین) : فایلی نۆیەم:ڕێکەوتی تۆمارکردن ٢٨ – ٩ – ٢٠١٧ : شوێن کتێبخانەی تایبەتی ماڵەوە : کات ( ٩: ٠٠ ) شەو

* عزیز(م. هیوا نورالدین) :فایلی شەشەم:ڕێکەوتی تۆمارکردن ٦ – ٦ – ٢٠١٧ شوێن کتێبخانەی تایبەتی ماڵەوە : کات( 8:00 ) شەو .

* عمر(م. محمودعبدالمجید) :فایلی هەشتەم:ڕێکەوتی تۆمارکردن ١١ – ٥ – ٢٠١٧ :شوێن کتێبخانەی گشتی زانکۆی صلاح الدین : کات (٣٠: ١٠ ) بەیانی.

* گەردی(د. سردار احمد) : فایلی دووەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن ٩ –٥ – ٢٠١٧ : شوێن کۆلێژی پەروەردە: زانکۆی سەلاحەدین: کات (11:30 ) بەیانی.

* کمال(د. دیار علی) :فایلی پێنجەم: ڕێکەوتی تۆمارکردن ٢٧ – ٩– ٢٠١٧ : شوێن کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین : کات (9:00 ) بەیانی .


## ملخص البحث

**يتكون هذا البحث الموسوم ب (( تأثير الزحافات علي موسيقى التفعيلات في حشو البيت الشعر الكلاسيكى الكوردى )) من مقدمة وفصلان و اهم نتائج البحث.**

**تضمن الفصل الاول التعريف بعلم العروض مع بيان عدد التفعيلات والمقاتع الواردة في النص الشعرى من حيث الطول والقصر، فضلا عن القاء الضوء على الزحافات والعلل بصورة عامة وتأثيرهما على النص الشعرى بصورة الخاصة .**

**اعتمد البحث في دراستة التطبيقية التحليلية لقياس الموجات الصوتية والمدة المستغرقة لنطق التفعيلات وبيان المستويات الصوتية من حيث الرتفاع والانخفاض على برنامج prat الكومبيوترية .**

**اما الفصل الثانى فركز على اضهار تأثير الزحافات ( الخبن ، الطي، القبز، الكف، الشكل) على النص الشعري وعلى ارتفاع الوجات الصوتية وانخفاضها مع ابطاء ايقاع التفعيلات فيه.**

# ABSTRACT:

The relation between the duration of time spend on the foot prosodies of Kurdish Classic poems and music is a direct relation, so any increase and decrease in the time ,due to prosody rules, will create upset, slow down in rhythm and music of a line in a poem(verse). The change in time depends on a set of rules. These rules in the science of Poetic meters(prosody) are called prosody changes and these changes will be found in Zihaf and Ellals.

This research paper, entitled (the effects of Zihaf on the music of foot circumlocutions of a line in Kurdish classic poem), discusses the change in the duration of time spend on foot prosodies and consists of an introduction, two parts and a conclusion.

In the first part prosody has been outlined in a way that the number of foots, essentials of prosody, number of syllable and arrangement of long and short foot prosody syllables discussed. Furthermore, a short summary has given on Zihaf and Ellals, especially the focus is on the effects of Zihaf.

Moreover, by using (prat) which is a software program to measure sound and after recording 10 different readings and save them in 10 sound format files, the program managed to scientifically read the duration of time spend on the foots in addition to being able to take picture of all essentials, Kurdish classic foots and high and low sound waves.

In the second part the effects of types of Zihaf( Khubn, Tae, Qabz and kaf) and bouble Zihaf on the duration of time spend on foot prosody and their effect on the high and low of sound waves, slowing down of rhythm and music of foots have been discussed.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 27 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019